
# هەلوێست بەرامبەر بە فەندەمەنتالی ئیسلامی

Burhan Mahmoud(Boar)
Burhan970@hotmail.com



دواى بلاْوبوونەوەی ئەو كارتۆنانەی لە رۆژنامەی دانیماركدا بلاوكرانەوە دەربارەی پیغەمبەری موسلْمانان , جیهانی بە ناو دوڕیانی دوو تیگەیشتنی ترسناكدا برد و جیهانیك كە ئازادی ڕادەربڕین تیاییدا وەك بەهایەكی بەرز بالاْ دەبینیت هیچ شتێك تیاییدا هێندەی ئازدی پیرۆز نییە بەرامبەر بە جیهانێك كە هێشتا نوقمی پیرۆز ڕاگرتنی هەموو شتێكە ئامادەنییە بە عەقلێكی ساردو حەكیمانە رەخنەكگرانە مامەڵە لە گەلْ خۆیی و جیهاندا بكات سەرباری ئەوەش كە ولاتانی ئەوروپا چەند جار ئەوەیان دووپاتكردووە كە ئەوان بە هیچ شێوەیەك ناخوازن هیچ بیروباروەرێكی ئاینی بریندار بكەن بەلاْم لە گەلْ ئەوەشدا لە ولاْتانی ئیسلامی توندوتیژییەكی ئایدۆلۆژی ترسناك هەیە پەرچەكرداری ئەو ناوچانە ئەوە نیشان ئەدەن كە هێشتا ئەو ولاْتانە لە دواكەوتنێكی كەلتوری و سیاسی گەورەدا ئەژیین مەدێكی ئسوڵی سیسلامی بەهێز لە ناوچانە هەیە سەركەوتنەكانی ئیسلامییە كان لە میسرو و فەلستین و گەشەكردنی ئیسلامی ئسوڵی سونییو شیعی لە عیراقدا و حكومەتی شیعە مەزهەبی ئێران كە نوسخەیەكی تری خومەینییە . ئەوەمان پیْ ئەڵیین رۆژهەلاْتی ئیسلامی لە دووركەوتنەوەیەكی مەترسیداردارداییە لە دیموكراسی ئەو هێزانەش ئەیانەوێت دیموكراسییەت پیادەی بكەن لەو ناوچانەدا ئەوە جگە لەوەی زنجیرەیەك دەوڵەتی بیْ ئەندازە فاشی ئەو ولاْتانە بەڕێوەدەبەن كە نوقمە لە فەسادی سیاسی و ئابوری و كۆمەلاْتی و ستەمی هەموو جۆر كە ئەمەش زەمینەیەكی گەورەی خولقاندووە بۆ گەشەكردنی ئەو ئەو مەدە ئسولییەی كە ئێستا دەبینرێت ئەمە جگە لەوەی حكومەتە فاشییە كانی ئەو ناوچانەی ئەو هێزە ئیسلامییانە ئەهێننە سەرجادە دژی ئەورپا بۆ ئەوەی ئەوەندە فشاریان نەخرێتە سەر بۆ ریفورم و دیموكراسییەت وەك سوریا دوای ئەوەی بە زۆر لە لوبنان هاتە دەرەوە كوشتنی سەرۆك وەزیرانی پێشوویان بەسەردا ساخ بۆیەوە ئێستا حكومەتی سوریاش لەسەر هەمان مودێلی ئێران ئەیەویت پیادەی سیاسەت بكات بۆ شاردنەوەی قەیرانی فەسادە هەمەلایەنەكانی و تاوانەكانی لە لوبنان وەكوو خۆیان بە ئاشكرا ئەلێن ئەوان دەتوانن سەقامگیری ناوچەكە بشوێنن وەكوو كردیشییان بۆیە لەسەر ئەوروپا پێویستە لە ریْی پسپۆرانەوە كومەك بە هەموو جۆرە دەنگیكی لبرال بكەن لە ولاْتانی ئیسلامی بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە ئسوللیە سەرنەكەوێت كە ڕوداوەكانی ئەو دواییە دەری خست لە گەشەكردندایە

United Kingdom.
February 2006